# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**حاکم نازم حەویزی**

ئەختەر نازناوی ئەمین ئاغایە، (کاکەمیناغا)شیان پێ گوتووە، کوڕی حاجی بەکر ئاغای ناسراو بە قاسید، کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی حەویزئاغای حەویزی، سەرەتا بە (ئەمین) ناسراوە، پاشان نازناوی (ئەختەر)ی پێ دراوە کە بە زمانی فارسی بە مانای ئەستێرەیە، دایکی ناوی حەلیمەخانە کچی حاجی یاسین ئاغای، خەڵک لە خۆشەویستییان بە (ئۆیای) بانگیان کردووە، لە ساڵی (١٨٣٩)ی زایینی، بەرانبەر ساڵی (١٢٥٥)ی کۆچی، لە گەڕەکی (بەفری قەندی) لەشاری کۆیە چاوی کردووەتەوە، کوڕی گەورە و نۆبەرەی باوکی بووە، بنەماڵەی حەویزییان گرنگییان بە خوێندن داوە، شانازییان بە پلەکانی دینداری کردووە، تەنانەت (جەمیل ئاغا) کە سەرۆکی بنەماڵەی حەویزیان و قایمقامی کۆیە و لەسەر حسابی هەولێر پەرلەمانتار بووە، زۆری پێخۆش بووە کە پێیان گوتووە (فەقێ جەمیل).

حاکم نازم گوتی: باپیرە گەورەی ئێوە (مەلا پیرۆت) کەسێکی زانا و لێهاتوو بووە، ئەو (ڕەشنووس، یان دەستنووسە)ی خۆی پێشکەش بە جەمیل ئاغا کردووە، (*) گوتی: لەکۆیە لە گەلێک لە سوختەخانەکاندا فەقێیەکان ئەو ڕەشنووسەی (مەلا پیرۆت)یان خوێندووە و وەک (مەنهەج) پەیڕەویان کردووە.

ئەختەر هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە لەگەڵ ئەسعەدئاغای برای و کوڕەکانی دیکەی قاسید خراوەتە بەر خوێندن، لە سوختەخانەی مزگەوتی گەورە لە کۆیە خوێندوویەتی، ئەو مزگەوتەش لەلایەن حاجی بەکرئاغای قاسید ساڵی (١٨٤٠)ی ز، دروست کراوە، بە قسەی دوکتۆر (زێدان) کە ڕابەری کۆلێژی (ئاداب)ـە لە



**حاکم نازم حەویزی**

(تیز)ـەکـەیدا ئاماژەی بەوە کـردووە، کـە لە هەمـوو (ئێـراق) لەڕووی تەلارسـازییـەوە لە وێنەی مـزگـەوتی گـەورەی کـۆیە نییـە! پێش مـاوەیەک هەندێ خـەڵکی پسپۆڕ لە وڵاتی (ئێران)ـەوە هاتبوون بۆ خوێندنەوەی ئەو نووسـینانەی وەک (زەخرەفـە) دیواری مـزگـەوتەکـەیان ڕازاندووەتەوە، کـاتی خـۆی (فـەرهاد عـەونی) چووبووە شاری (سنە) گوتی: لەوێ مزگەوتێکی نزیک لە شێوەی ئەوەی کۆیە هەیە.

ئەختـەر زمـانی فـارسی لە (مـەلا سـمـایلی مـەنتک) فێـربووە و لە تەمەنی (١٠) ساڵی خوێندن و نووسینی زانیوە، قورئانی خوێندووە، شارەزایی لە زمانی فارسی هەبووە، پاشان باوکیان ئەمین و ئەسعەدئاغای بردووەتە بەغـدا بۆ خـوێندن، ئەمین ئاغـا بە (١٠) ڕۆژ لە ئەسعەدئاغای برای گەورەتر بووە، حاجی بەکر ئاغا دوو ژنی هێناوە، یەکیان (عـائیشـەخانی خوشکی سمـایلی مەلا خالیدی)، ئەوی دیکەیان لە جەلیزادەکان بووە، ئەمین ئاغا پاش کۆچی دوایی باوکی، لە شوێنی ئەو لە دیوەخان دانیشتووە، ئەو مەسرەفەی کە لە دیوەخانەکەی کـردوویەتی گـەڵێک قـەبە بووە، ئەسعـەدئاغـای برای بازرگـانی کـردووە و ئەو قـازانجـەی دەسـتی کـەوتووە بۆ ئەمین ئاغـای ناردووە و ئەویش لە دیوەخـان سـەرفی کردووە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی دیوەخان و خەڵک، خزمان و براکـانی لەم ڕووەوە زۆر هاوکـارییـان کـردووە و نەیانهێشتووە هەست بەهیچ کەموکوورییەک بکرێت، ئەختەر جگە لە زمانی کوردی، بەهەر سێ زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی شیعری داناوە، دەگێڕنەوە ئەختەر دیوانێکی شیعری تێروتەسەلی بە کوردی و فارسی هەبووە، مخابن ئەمڕۆ ون بووە، شیعرەکانی تەڕوبڕ بووە و وەک ئەوەی بۆ گۆرانی دانرابن وابووە، هەر خۆی ئاوازیشی بۆ داناون و شارەزاییەکی تەواویشی لە هونەری مەقامەکاندا هەبووە، دەگێڕنەوە لەهەموو لایەکەوە مەقامزان و مەقامناس بۆ دیوەخانەکەی هاتوون و مەقامیان چڕیوە و بەرانبەر بەوەش لەلایەن ئەختەرەوە پاداشت کراون، تیپی گۆرانیبێژانی تایبەتی لە دیوەخانەکەی هەبووە و دەڵێن ئەندامانی تیپەکە ژیانیان لەسەر ئەختەر بووە. ئەمین ئاغای ئەختەر (١٠) برای هەبووە: حاجی ئەسعەدئاغا، حاجی تایەر ئاغا، حەبیب ئاغا، ڕەشیدئاغا، نەجیب ئاغا، محەمەدمستەفا ئاغا، سەعیدئاغا، سادق ئاغا، تەیب ئاغا، سەلیم ئاغا.

ئەمین ئاغا لەهەردوو ژنی (٩) کوڕی هەبووە: ئەبوبەکر ئاغا، سەلیم ئاغا، ئیبراهیم ئاغا، سالح ئاغا، ئەحمەد ئاغا، مەحمود ئاغا، حەمید ئاغا، محەمەد ئاغا، ئاغە تەها.

حاجی بەکر ئاغاش دیوەخانەکەی (یانە) بووە و لە هەموو لایەکەوە شاعیر و نووسەر و ئەدیب بۆی هاتوون، بەتایبەتی شاعیرانی (بابان)ـەکان، سالم و کوردی و ئەوانە خزمەت کراون، هەتا سالم باسی یەکێک لەو جارانە دەکات کاتەکەی بەهار دەبێت، کاتێک یاپراخی گەڵامێو و کەبابیان بۆ دێت، هەر دووکەس دەکەونە سەر سینییەک، سالم دەڵێ: بەختی خۆم کەوتمە بەرانبەر مەلایەکی، هەرجارە (٤ - ٥) کەبابی دەخستە ناو پارچە نانەکی و دەیخوارد! حاجی بەکر ئاغا بەسەر و بەماڵ لە خزمەتی نەتەوەکەی و خەڵکی کۆیەدا بووە، کاتی خۆی عەبدولڕەحمان پاشای بابان خراپەی لەگەڵ کۆیە کردووە، ئەو سەردەمە محەمەد ناوێک پاشای کۆیە بووە، حاکم نازم گوتی: من سەرەتا وامزانی محەمەد پاشا باوکی حاجی بەکر ئاغای حەویزییە، بەڵام دەرکەوت ئەو نەبووە، والی بەغدا داوای عەبدولڕەحمان پاشای بابان و محەمەد پاشای کۆیە دەکات، هەستیان کردووە پاشای کۆیە بەلای کورداتییەوە دەچێت، والی بەغدا و عەبدولڕەحمان پاشای بابان پیلان بۆ پاشای کۆیە دادەنێن، والی بە پاشای

بابان دەڵێت: نەکەی خراپەی لەگەڵ پاشای کۆیە بکەی، چونکە وەک کوڕی منە.

هۆنراوەی ناوداری ئەختەر (لەپاش مەرگم) کە یەکەم کەس (مشکۆ هەولێری) گوتوویەتی، تا ئەمڕۆ زیاد لە کەسێک گوتوویەتیانەوە، وەک: محەمەد ئەحمەد ئەربیللی، چۆپی فەتاح، بەڵام مخابن ناڵێن هۆنراوەی ئەختەرە؟ دەڵێن هۆنراوەی فۆلکلۆرە! لێرانەدا گوتم: ئایا دەزانن و ئاگادارن کە هۆنراوەکە هەر لەسەرەتاوە، مەبەستم یەکەم جار لەلایەن (مشکۆ هەولێری) بە هاوکاری هونەرمەندی پەنجەزێڕین (غانم یەحیای مووسڵاوی)، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشوو تۆمارکراوە و داهێنانی لەگوتنەکەدا کردووە، هەر لەوێوە هۆنراوەکە بە تەواوی نەگوتراوە و بگرە شێوێنراوە؟ حاکم نازم بۆ ئەوە وەڵامی نەدایەوە.

دیوەخانی ئەختەر وەک یانەیەک بووە بۆ شاعیرانی وەک: حاجی قادری کۆیی و کەیفی جوانڕۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، هەروەها بۆ مەقامبێژان و گۆرانیبێژان و دەنگخۆشان و شایەران. جگە لەوانە بەدەم داواکاری خەڵکەوە چووە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەر کردوون، کاتێک (قایمقام)ێک خراپ بووە، بەدوایدا ناردووە و پێی گوتووە خۆت نەقڵ بکە و گۆڕیویەتی، دەگێڕنەوە دەست بڵاوبووە و یارمەتی خەڵکی داوە، مانگی ڕەمەزان کە دیوەخان چۆڵ دەبوو، ئەمین ئاغا دەچووەوە دیوی (حەرەم)، حاجی ئەسعەدئاغا و شێخ ڕەزا و مەلا سمایلی مەلا خالیدی و ئەوانە دەمانەوە، سینی و زەرفانێیان دەکرد، تیپی یەکەمی یاری سەرۆکەکەیان ئەسعەد ئاغا بووە و ئەوی دی سەرۆکەکەیان سمایلی مەلا خالیدی بووە، شێخ ڕەزا لەگەڵ تیپی دووەم بووە، مەلا سمایل یاریزانێک بووە وەک دەڵێن (فەراسەت)ی هەبووە و هەر زووبەزوو ئەنگوستیلەکەی دۆزیوەتەوە و ئەوان بردوویانەتەوە، وا ڕێک دەکەوێت مەلا سمایل بۆ سەفەر دەچێت، ئیتر تیپی دووەم کە شێخ ڕەزا ئەندامی بووە، دەدۆڕێن، ئەسعەد ئاغا و ئەوان گاڵتەیان پێ دەکەن، لەپڕ سمایلی مەلا خالیدی دێتەوە و ئیتر نۆرەی بردنەوەی ئەوان دێتەوە، شێخ ڕەزا ئەم شیعرە دادەنێت:

**هاتەوە ئاشووبی دەوران مەردی مەیدان هاتەوە**
**شێری یەزدان لەندەهۆری هیجری سەعدان هاتەوە**

ئەمین ئاغای ئەختەر لە هەموو چینەکان نزیک بوو، بۆیە ئاگاداری هەڵسوکەوت و ژیانی گەلەکەی بوو، ئەگەر بیزانیایە بەرپرسێک کارەکەی بەجوانی ناباتەسەر، بەدوایدا دەنارد و بەشێوەیەکی گونجاو کەموکووڕیەکەی چارەسەر دەکرد، تەنانەت لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکەکەیدا هەجووی (سوڵتانی عوسمانی) کردووە و لەسەر ئەوە لەسەردەمی (تەقیەدین پاشا)دا بۆ شاری (حیللە) دووری دەخەنەوە، ماوەی (٤٠) ڕۆژ لەوێ دەبێت، دوایی پاشا دەگۆڕێت بۆ (نامیق پاشا)، ئەوجا دەتوانێ بۆ کۆیە بگەڕێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەو دووپاشایە هەردووکیان برادەری تایەر ئاغای کوڕی حاجی بەکر ئاغا بوونە، چونکە ئەوسا لە بەغدا بووە، ئەختەر بایەخی زۆری بە ڕۆشنبیران داوە، هەمیشە ویستوویەتی ئاستی زانست و زانیاری گەلەکەی بەرز بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت چاکە و خراپە لە یەکتری جیابکاتەوە و ژیانێکی ئاسوودە بباتەسەر.

عەبدولڕەحمان پاشای بابان خراپەی لەگەڵ کۆیە کردووە، وەختی خۆی (محەمەد پاشا) پاشای کۆیە بووە، والی بەغدا بەدوای عەبدولڕەحمان پاشای بابان و (محەمەد پاشا) کۆیەدا دەنێرێت بچن بۆلای بۆ بەغدا، حاکم نازم گوتی: سەرەتا من وامزانی محەمەد پاشا باوکی حاجی بەکرئاغای قاسیدە، بەڵام دوای سۆراغ دەرچوو ئەو نەبووە، دوای ئەوەی والی هەستی کردووە محەمەد پاشای کۆیە بەلای کوردایەتییەوە دەچێت، لەگەڵ عەبدولڕەحمان پاشای بابان پیلانی بۆدادەڕێژن تا لەناوی ببەن، کاتێک لەبەغدا لەلای والی کۆدەبنەوە، والی بە پاشای بابان دەڵێت: عەبدولڕەحمان نەکەی خراپە لەگەڵ محەمەد پاشا بکەیت، چونکە وەک کوڕی منە! لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، محەمەد پاشا دەیەوێت خۆی لە خراپەی پاشای بابان بپارێزێت، بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدات چەند فرسەخێک لێیەوە دووربێت، هیچ نەبێت تا لەگەڵیدا نەکەوێتەشەڕ، ئەوسا هەر لە بەغداوە تا کەرکووک هەر هەمووی سوپای پاشای بابان بووە، پاشای کۆیەش هەموو ئەوەی لەگەڵی بووە (٢٠٠) نەفەرێک بووە، یەکێک لە سەرکردەکانی پاشای کۆیە ناوی شیناغا بووە، پاشای بابان خۆی دەگەیەنێتە لەشکری پاشای کۆیە، بەخۆی و چەند پیاوێکی لادەداتە لایان و خزمەت دەکرێت و دوعاخوازی دەکات و دەڕوات، پاشای کۆیە

دەڵێت: ئەو پاشایە بە گەورەیی خۆی هاتووە زیارەتی کردووین، بۆیە وەک نەریتێکی ئەوسای کوردەواری دەبێت بچمەوە بۆ لای، شیناغا پێی دەڵێ: ئەو ماستە مووێکی تێدایە، پاشای بابان بێت و زیارەتی تۆ بکات پێم باشە نەڕۆی بۆلای، پاشای کۆیە لە وەڵامدا دەڵێت: ئەگەر سەریشم لەسەر دانێم دەچمەوە بۆلای، شیناغا دەڵێت: مادام وای لێ هات من جەماعەتی خۆم جیادەکەمەوە و لەسەر گردێک دەمێننەوە تا بزانن پاشای کۆیە چی بەسەردێت؟ محەمەد پاشا دیاری لەگەڵ خۆی دەبات و بە دە نەفەرەوە دەچێتە لای، هەردادەنیشن پاشای بابان دەڵێت: محەمەد تۆ وات لێ هات بەربەرەکانێی من بکەیت؟ هەر دە نەفەرەکە بە محەمەد پاشاوە لەوێ دەکوژن، دوای ئەوە فەرمان بۆ سوپای خۆی دەردەکات و هێرش دەبەنە سەر گردەکە و ئەوانیش دەکوژن، ئەوە خراپەی پاشای بابان بووە لەگەڵ کۆیە. کاتێکیش ئاوڕەحمان پاشای بابان لەگەڵ ئێرانییەکان تێکدەچێت، ئەوان خالید پاشا لە شوێنی دادەنێن، ئاەڕەحمان پاشا ڕادەکات و هانا دێنێتەبەر کۆیە، بەتایبەتی هانا بۆ حاجی بەکر ئاغا دێنێت، شای ئێران خۆی سەرکردایەتی ئەو هێرشە دەکات، کۆییەکانیش دەستەیەک پێکدێنن بۆ بەرگری لە شار و لە ئاوڕەحمان پاشا، دەبنە بەربەست و ناهێڵن ئێرانییەکان زەفەر بە شاری کۆیە ببەن، تا ئەمڕۆش ڕووداوێکی ئەو شەڕە لەبیری خەڵکی کۆیەدا ماوەتەوە، ئەویش ئێرانییەکان لە گردێکی نزیک کۆیەوە، تۆپخانە دادەمەزرێن و خەڵکی شار هەراسان دەکەن، کۆمەڵە فەقێیەک خۆیان گیانفیدا دەکەن و بەخەنجەر هێرش بۆ سەر کەسانی دەورووپشتی تۆپەکان دەبەن و هەموویان دەکوژن، کاتێک شای ئێران سەیردەکات گرتنی شاری کۆیە ئاوا ئاسان نییە، داوای پارە دەکات تا شارەکە بەجێ بهێڵێت، حاجی بەکر ئاغا پارەکە دابین دەکات و عەبدولڕەحمان پاشا ڕزگار دەکات، ئەو چی بەرانبەر کۆیە کرد، خەڵکی کۆیەش چوون بەهانایەوە چوون.

کاتی خۆی شاعیرێکی (میسر) بەناوی (عمر الفاروقي) لەدیوانەکەیدا شیعرێکی (حاجی بەکر ئاغای قاسید)ی وەک پێنج خشتەکی لێ کردووە.

حاجی قادری کۆیە لەتاراوگە، دوو جاران ناوی ئەمین ئاغای ئەختەری هێناوە:

**ئەی موحەممەد وەی (ئەمینول دەولە) ئیمڕۆ کۆیی تۆ**

هەروەها:

**دوو ئاغا ماوە وەک بیستوومە ئەخبار**
**ئەمین ئاغا و حەماغای ساحیبی کار**

کاتی خۆی هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی) وێنەیەکی خەیاڵی بۆ ئەختەر کێشاوە و لە ماڵپەڕی کۆیەش، وێنەیەکی تری بۆ کێشراوە.

گوتی: کاتی خۆی تێکەڵاوییەک هەبووە، لە میانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆیە، ئەمە لە دیالێکتیکدا ڕەنگی داوەتەوە، ڕەشید ئاغا کە نازناوی (موجریم) بووە، برای ئەمین ئاغای ئەختەرە.

* گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٩٨)ی ڕێکەوتی (تشرینی دووەمی ٢٠١٣)، ل: (٨٧- ٩٠). بابەتێک بەناوونیشانی (ڕەشنووسی کتێبی شەرحی (تەسریفی مەلا عەلی شنۆیی)، کە دانەری ڕەشنووسی ئەوکتێبە (مەلا پیرۆت مەلا عەولا) بووە.

**ژیاننامەی نازم ئاغای حەوێزی:**

ناوی تەواوی: (نازم محەمەدەمین ئاغا جەمیل ئاغا حاجی ئەسعەد ئاغا ((حاجی بەکر ئاغا- قاسید)) حەوێزی)یە، ناوی باوکی محەمەدەمین ئاغا ناسراو بە (کاکەمین)، ناوی دایکی: (فەخریە خانی حاجی مەلا ئەحمەد ئاغای سمایل ئاغای مەحموود ئاغای غەفووری)یە، لە ڕێکەوتی (١٩٣٨/٥/٢) لە کۆیە چاوی هەڵهێناوە، ساڵی (١٩٤٥) لە قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی لە کۆیە خراوەتە بەرخوێندن، خوێندنی سەرەتایی بە پلەی نایاب تەواوکردووە، لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیە درێژەی بە خوێندن داوە و بە یەکەم دەرچووە، لەبەر ئەوەی ئەوسا لە کۆیە خوێندنی ئامادەیی تەنیا بەشی وێژەیی هەبووە، بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی بەشی زانستی چووەتە بەغدا و ساڵی (١٩٥٧) تەواوی کردووە، ساڵی خوێندنی (١٩٥٧ - ١٩٥٨) چووەتە کۆلێژی (ماف - حقوق) و ساڵی خوێندنی (١٩٦١ - ١٩٦٢) بە پلەی (باش) خوێندنی ئەو کۆلێژەی تەواوکردووە، لەسەر بڕیاری (عەبدولکەریم قاسم) ویسامی شەرەف بە دەرچوانی ئەو ساڵەی ئەو کۆلێژە بەخشراوە، ماوەی (٦) مانگ خولی ئیحتیاتی بۆ

زانیـــاری ســـەربازی بینیـــوە، ســـەرەتا لە بەغـــدا لە فەرمانگەکانی داد دەست بەکاربووە، ساڵی (١٩٧١) لە شـەنگار کـراوەتە حـاکم، هەمـان سـاڵ بۆ پێنجـوێن گـوێزراوەتەوە، بڕیاردراوە لە سلێـمـانی دەوام بکات و بەپێی پێـویست سـەردانی پێنجـوین بکات، لە سـاڵی ١٩٨٦ پلەی جـــێگری ســـەرۆکـــایـەتی دادگـــای تێهەڵچوونەوەی پێ دراوە و کراوە بە سەرۆکی دادگاکانی پارێزگای سلێمانی، لە ساڵی ١٩٨٩ بە هەمان پلە بۆ پارێزگای دهۆک گوێزراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر ویستی خـۆی بۆ پارێزگای هەولێر گـوێزراوەتەوە و کراوە بەسەرۆکی دادگای تاوانە گەورەکان، دواتریش کراوە بە سـەرۆکی دادگـاکـانی هەولێـر و دواتر سـەرۆکی گـشت دادگاکانی کوردسـتان، ساڵی ١٩٩٦ کراوە بە ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی کوردسـتان، لە (٢٠٠١/٧/١) تەمەنی بووەتە ٦٣ ساڵ و بەو هۆیەوە خانەنشین کراوە، دوای دوو ساڵ بەبێ ڕاوەرگرتن کراوە بە ئەندامی دادگای تاوانە گـەورەکـان لە بەغـدا، دوای ئەوەی ڕەزامـەندی دەربڕیوە لە (٢٠٠٤) لە بەغـــدا دەست بەکـــاربووە و لەچەند خـولێکدا لە (لەندەن) و (ئیـتـاڵیـا) بەشـداری کـردووە، لە ٢٠١١ بە مـەرسوومی کـۆمـاری خـانەنشین کراوە، ئەمڕۆ خانەنشینە و لە هەولێر لە گەڕەکی ئازادی نیشتەجێیە.

شـایانی باسـە لە هەندێ لە تەلەڤزیۆنەکـانی بەغـدا و هەرێم مـــیـــوانداری کـــراوە، لەگـــەڵ چەندان حـــاکم و مـامۆستـای زانکۆ بەشداری کردووە لە دەرکردنی یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستـان و پڕۆژە یاسای دەستـوور، دیوانی (قـاسـیـد)ی چاپ کـردووە، یەکـێک بووە لەو بەڕێزانەی کـــتـــێـــبی (مـــێـــژووی کـــۆیە لە ڕەوتی شارستـانیـیـەتدا)یان چاپ کـردووە، ئەمڕۆش سـەرقـاڵی تەواوکردنی کتێبخانەی زانستی زانکۆی کۆیەیە لە هۆڵی بنەماڵەی حەوێزییان.

**تێبینی:**

**ڕۆژی دووشـەممە ڕێکـەوتی (٩)ی تەممووزی (٢٠١٨) کـاتژمـێـر (٦)ی ئێـــوارە بۆ لای بەڕێز: حـــاکم (نازم حـــەوێزی) چووم، بۆ تۆمـارکـردنی چاوپێکـەوتنێک لەگـەڵیـان لەسـەر (ئەمین ئاغـای ئەخـتـەر)، بە ئامـادەبوونی برایان (دلاوەر حـەوێزی) و (مـامـەند حەوێزی).**